# "ژان ژاک رۆسۆ"

ن: رامین جەهانبەگلوو
و:عەتا جەمالی



بەشی 5-1

ئەندێشە سیاسییەکانی رۆسۆ ئاویتەیەکی نامۆیە لە حەسرەتی ئازادییەکانی سەردەمی ساکاری و قۆناغی شوانکارەیی مرۆڤ و زێدەڕۆیی لە بەباش زانینی دۆخی سیاسیی سەردەمی ئیسپارتەکان و سەردەمای سەرەتای حکوومەتی رۆم و هەروەها هۆشدارییە پڕمەترسییەکانی کۆمەڵگا رەشۆکییەکانی سەدەی بیستەمە. بەگوتەیەکی تر، رۆسۆ، مرۆڤێکی مۆدێرنە بە رۆحێکی کەوناراوە. رۆسۆ، جودایە لە روانگەی گشتی و باوی چاخی رۆشنگەری، چونکە ئەو هزری "پێشکەوتن"ی رەتدەکردەوە. بەبۆچوونی رۆسۆ، ئاوەزباوەڕی، کۆمەڵێک پاشهاتی کارەساتباری لێکەوتۆتەوە. بەبۆچوونی ئەو، ئاوەز لە ئاراستەی سەرکوت و گۆڕینی بیچمی هەستە سروشتییەکانی ئێمەدا، وەک هاودڵی و مێهرەبانی، کەڵکی لێوەرگیراوە. کەڵکەڵەی سەرەکیی رۆسۆ، پرسی ئازادییە و زیاترین ترسی ئەو لە وابەستەبوونە. رۆسۆ هەوڵدەدا ئەوە ئاشکرا بکات کە ئازادی یەکێک لە سامانە سەرەکییەکانی مرۆڤە. بەڵام مۆدێلە نوێیەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون، لە ئاراستەی نەهێشتنی ئازادی و کۆیلایەتیدا کاردەکەن. یەکەم رستەیەک کە لە بەندی یەکەمی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا نووسراوە، ئاوا دەڵێ: " مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت بەڵام لە هەموو شوێنێک لەبەنددایە". بەم پێیە، رۆسۆ دوو پرسیاری سەرەکی گەڵاڵە دەکات:

1. ئایا مرۆڤ دەتوانێ سوودمەند بێت بە مەدەنییەت و ئازادی؟
2. بایەخی بەکۆمەڵایەتیبوونی ئێمە لەچیدایە ؟

رۆسۆ لەکاتی یەکەم نووسینەکانیەوە سەرنجی پرسی ناسازگاریی نێوان کۆمەڵگە و سروشت دەدات. بەبۆچوونی ئەو، سروشت بەوجۆرەی کە هەیە لە مرۆڤ دەڕوانێ نەک بەو جۆرەی کە دەبێ ببێ. رۆسۆ دەڵێ، سروشت هۆی بەختەوەری و خۆشبەختیی مرۆڤە، لەحاڵێکدا کۆمەڵگە دەبێتە هۆی بێنەوایی و بێبەشیی ئەو. بەڕای ئەو، فەیلەسووفەکان، هەمیشە لەو هەڵەیەدان کە دەیانەوێ لەڕێگەی ئەو ئەندێشانەوە لە سروشت تێبگەن کە لە کۆمەڵگەیان وەرگرتووە. بەم پێیە، ئەو روانگەی هۆبز سەبارەت بە دۆخی سروشتی رەتدەکاتەوە. لەبەرچی؟ چونکە بەبۆچوونی رۆسۆ، هۆبز سەلیقە مەدەنییەکانی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشت و هەروەک دەزانین، لای هۆبز، هەست بە شانازیکردن، هۆکاری سەرهەڵدانی ناسازگارییەکانی ناو دۆخی سروشتییە. بەڕای رۆسۆ، شانازی کردن، هیچ شەڕێک لە سروشتدا هەڵنایسێنێت. چونکە لە

سروشتدا، ناسازگاری بوونی نییه و ناسازگاری تایبەتە بە کۆمەڵگە. هەر لەم رووەوەیە کە رۆسۆ لەنێوان دوو چەمکی خۆشەویستی بۆ خود و خۆشەویستیی خۆپەرستانەدا جیاوازی دادەنێت. چەمکی خۆشەویستی بۆ خود، رەمەکێکی سروشتییە و چاکە بۆ پاراستنی خود و خود باوەڕی و خۆویستییەکی سروشتییە، بەڵام خۆشەویستیی خۆپەرستانە، لایەنی سۆزدارانەی شانازییە. رۆسۆ، هەروەها بەپێچەوانەی هۆبز وابیردەکاتەوە کە مرۆڤەکان لەدۆخی سروشتیدا وابەستەی یەکتری نین، بەڵکوو ئەوەی پێویستیان پێیەتی، لەبەردەستیاندا هەیە و پێویستیان بەوە نییە کە ملکەچی دیتران بن. بەڵام پێویستییە روولەزیادبوونە مرۆییەکان، ئەوان لەحاڵەتی سەربەستیی سروشتییەوە دەخەنە دۆخی وابەستەبووم بە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان. بەم پێیە، دەسەڵاتکردن لە دۆخی سروشتیدا شتێکی ئەستەمە چونکە گەوهەری وجوودیی ئەو خەیاڵییە و (دەرهاویشتەی سروشت نییە). بەڵام ئەگەر دۆخی سروشتی، دۆخێکی بەختەوەرانەیە، ئەی بۆچی مرۆڤەکان لەدەوری یەک کۆدەبنەوە و کۆمەڵگە پێکدێنن؟ بەبۆچوونی رۆسۆ، وڵامەکەی ئاسانە، چونکە مرۆڤەکان بۆ چارەسەری کێشەکان پێشەنگ و داهێنەرن و وا پیش دێ کە پەرەسەندنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، گەشەی هۆشیاری خێراتر دەکەن و ئەو هۆشیارییەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەخلاق. بەو مانایە کە ئێمە دەکارین خۆمان لە سۆنگەی چاوی دیترانەوە سەیر بکەین. لەلایەکی ترەوە کشتوکاڵ دەبیتە هۆی خاوەندارێتی تایبەتیی زەوی و کاتێ خاوەندارێتیی تایبەتی دەرکەوت، نایەکسانییە سروشتییەکان تۆختر دەبنەوە. لە ئەنجامی نایەکسانییەکاندا، دەسەڵاتی گشت، بەگشتی لەلایەن خەڵکەوە دەگاتە دەست تاکێکی تایبەت. کەواتە چارە چییە؟ ئەگەر ژیانی مەدەنی بەرەو رۆچوون بڕوات و پێشکەوتنیش ترێزهەڵنەگر و ناوەگەڕ بێت، ئەی چارە چییە؟ ئێمە ناتوانین وا نیشان بدەین کە گەڕاوینەتەوە بۆ سەردەمێکی دەست لێنەدراو و پاکژ، کە دۆڕاوین، گەڕاوینەتەوە و ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ ژیانی دارستان و وەک ئاژەڵ بژین. کەواتە رێگەی دەرچوون لە گەندەڵی و ستەمکاری چییە؟ رۆسۆ دوو وڵامی هەیە بۆ ئەم پرسیارە:

رۆسۆ وڵامی یەکەمی لە کتێبی "ئیمیل"ی خۆیدا دەداتەوە و هەروەک پێشتر گوترا، ئیمیل، چیرۆکی هەوڵێکە بۆ ئەوەی تاکێک بە ئەخلاقێکی سەربەستەوە پەروەردە بکریت. راهێنانی ئیمیل، بە مەبەستی لادانی ئەو لە بەستێنی

کۆمەڵگایە. ڕۆسۆ ئەوی لە کۆمەڵگە بردۆتە دەرەوە و دیوارێکی بەدەوردا هەڵدەچنێ و دەیپارێزێ بۆ ئەوەی توانا و بڕستی پێویستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەهاکانی کۆمەڵگە هەبێت. بەم پێیە، ڕۆسۆ، نە مەبەستیەتی مرۆڤێکی سروشتی لە ئیمیل دروست بکات و نە ئەوەی تاکێکی تەواو یەکپارچەی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو مەبەستی ئەو پەروەردەکردنی ***"ئیمیل"*** وەک تاکێکی سەربەستە.

ولامی دووهەمی ڕۆسۆ لە کتێبی ***"پەیمانی کۆمەڵایەتی"***دا هاتووە. ئەم ولامە، چارەسەرێکی بەکۆمەڵە بۆ کێشەکە. هەروەک لەناوی کتێبەکەیەوە دەردەکەوێ، پەیکەرەی باسەکەی ڕۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیراوە. جارێک سەرێتی دەدا بە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام لەولایەنەوە کە بڕیارەکانی ئەو زیاتر دەستکردن و دەیەوێ کرۆکی تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی، واتە دەسەڵاتی سیاسی لە خەڵکەوە بۆ حاکمییەت ڕەت بکاتەوە، کتێبەکەی بەم ڕستەیەوە دەستپێدەکات: " مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت، بەڵام لە هەموو شوێنێک لە بەنددایە." بەم بۆچوونە، ئەو دەیەوێ ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لە هەموو تیۆرییە سیاسییەکان گرتبێت. نارەزایی ڕۆسۆ لەو جۆرە راڤانە لە تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە ئەوانە بەڵگەنەویستن، چونکە پێکهاتنی دەسەڵاتی سیاسییان کردۆتە بنەما. هەروەک دەزانین بەبۆچوونی هۆبز، کرداری بەشداریکردنی گشتی یەکسانە لەگەڵ ملکەچی. بەڵام بەبۆچوونی ڕۆسۆ، کۆمەڵگە و حاکمییەت هەردووکیان یەک شتن. بە گوتەیەکی تر، مەشرووعییەت، تەنیا بە مەرجێک دێتە بوون کە حاکمییەت لەخەڵکەوە دەرچووبێت. بەم پێیە، حاکمییەت دەبێ یەکسان و هاوشان بێت لەگەڵ شارۆمەندان‌دا. ئەم بۆچوونە بەو مانایەیە کە لەلای ڕۆسۆ، کۆمەڵگەی سیاسی شتێکە زیاتر لە ڕێککەوتنێکی سادە و ڕاستەوخۆ کە کەسایەتیی شارۆمەندان تووشی گۆڕان دەکات. لەم مانایەدا، هەنگاو نان بەرەو کۆمەڵگە، شتێک زیاتر لە پەیمانی کۆمەڵایەتییە و جۆرێک بەرزبوونەوە و باڵاکردنی مرۆییە. بەپێی بۆچوونی ڕۆسۆ، کاتێ پەیمانێک دەبەستین، هەم چییەتیی ئێمە دەگۆڕی و هەم کەسایەتیمان و کۆهۆکارێک لە خودی سروشتی ئێمەوە بەرهەمدێت. ڕۆسۆ لێرەدا لە هەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و بەڵێنێک دەدوێ کە خۆی بە ***"ئیرادەی گشتی"*** ناوی دەبات. بەڕای ئەو، ئیرادەی گشتی بڕیارێکە کەدەبێ لەلایەن کۆمەڵەی حاکمییەتی پێکهاتوو لە هەموو شارۆمەندەکانەوە دەربکرێت. بەم پێیە، ئیرادەی گشتی لە سادەترین ئاستی

خۆیدا شتێکە کە یەکسانە لەگەڵ بوونایەتیی هەر کۆپەیکەرێکدا. بەبۆچوونی رۆسۆ، تەمەنی کۆپەیکەر بەقەدرایی کاتێکە کە خەڵک ناسیویانە و خۆیان بە ئەندامی زانیوە. بەم شێوەیە ئەگەر ئیرادەی گشتی لەناو بچێت مانەوەی کۆمەڵگە بەرەو هەرەسهێنان دەچێت. هەر لەبەر ئەوە خەڵک دەبی هاوپێ بن لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا و لەگەڵی رێککەون. ئێستا ئەگەر کەسێک نەخوازی هاوپێی ئیرادەی گشتی بێت چی روودەدا؟ رۆسۆ بەڕوونی وڵام دەداتەوە: ... کەسێک کە سەرپێچی لە پەیڕەویی ئیرادەی گشتی بکات، دەبێ لەلایەن هەموو کۆمەڵگەوە ناچار بکرێت مل بۆ ئیرادەی گشتی کەچبکات." بەواتایەکی تر ئەو بەزەبر دەبێ ئازاد بێت. ئەم حاڵەتە بەڕای رۆسۆ، ئیستبداد و ستەم نییە، بەڵکوو دیموکراسییەکی تەواوە.

لێرەدا پرسێکی تر بۆ رۆسۆ دێتەپێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئیرادەی گشتی تەنیا کۆبوونەوەی حەزە خۆپەرستانەکان نییە و لەلایەکی ترەوە، هێزێکی دەرەکیش نییە. ئیرادەی گشتی، لەراستیدا شتێکی پێویستە بۆ هەموو شارۆمەندێک بۆ ئەوەی هەست بە مانادارى بکات. لەم حاڵەتەدا، شارۆمەند بە پەیڕەویکردن لە خود، وەک ئەوە وایە کە پەیڕەوی لە حاکمییەت بکات. بەم پێیە، ئەوە زۆر گرینگ و حەیاتییە کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەک ئەوەیان لەبیر بێت کە شتێک دەتوانێ بە تەواوی بوونی هەبێت کە سوودبەخش بێت. بێ ئەوەی دژی بەرژەوەندییە تاکییەکانی ئەوان بێت. کاتێ دەنگ دەدەین نابێ بیر لەوە بکەینەوە کە دەنگەکەی ئێمە لەئاراستەی پشتڕاستکردنەوەی فلانە پاڵێوراوە بەڵکوو دەبێ دڵنیا بین لەوە کە ئایا لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا دەگونجێت یان نا. ئەنجام ئەوەیە کە دەوڵەت، کاتێک خوازراوتر دەبێ کە بەستێنی گشتی باڵی کێشابێت بەسەر بەستێنی تایبەتیدا. بەم شێوەیە پەیڕەویکردن لە دەوڵەت لەڕاستیدا پەیڕەویکردنە لە ئیرادەیەکی مەزن کە لەپێچەوانەی ئیرادەی نزمی خۆپەرستانەدایە. هەر لەم رووەوە رۆسۆ بەدژی پەیکەرە کۆمەڵایەتییە نێوبژیوانەکان (وەک پارتەکان و کۆمەڵە سیاسییەکان) هەڵوێست دەگرێ. چونکە بەبۆچوونی ئەو، ئەوانە بۆشایی نێوان خەڵک و دەوڵەت پڕدەکەنەوە و کۆمەڵێک وردە ئیرادەی گشتی بەدی دەهێنن. ئەم بۆچوونە، لیبراڵەکانی هاندا بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر رۆسۆ و بە تیۆریسییەنی تۆتالیتاریزم لەقەڵەمی بدەن. چونکە دەوڵەتە تۆتالیتاریستەکان رێگە لە بەدیهاتنی ئەنجومەنە تایبەتییەکان

و پارتەکان دەگرن و ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمە تۆتالیتاریستەکانی سەدەی بیستەم بوو. بەڵام کێشەکە لە بۆچوونی رۆسۆدا شتێکی ترە. بەڕای رۆسۆ، کۆمەڵگەی مەدەنی پانتایەکە کە لەوێدا، بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و نابەرابەرییەکان، دەتوانن ئازادی بخەنە بەر هەڕەشە و وێرانی. رۆسۆ هەر بەم شێوەیە، دەنگدانی نهێنیش رەتدەکاتەوە، چونکە لای وایە بۆ ئەوەی ئیرادەی گشتی هەبێت لەئارادا، تاکەکان پێویستە حوزووریان هەبێت و بە ئاشکرایی دەنگ بدەن بۆ ئەوەی رەوشت بەرزییە سیاسییەکانی کۆمەڵگە بپشکوێن. بەگوتەیەکی تر، رۆسۆ باوەری وایە کە نوێنەرایەتیی سیاسی شتێکە لەشێوەی بە خزمەتگرتنی بەکرێگیراو بۆ جەنگ. نوێنەرایەتی، نیشاندەری رۆچوونە و رۆحی گشتی سەرکوت دەکات و دایدەبەزێنێت. بەم پییە، سەرکەوتنی پەیمانی کۆمەڵایتی بەستراوەتەوە بە رای گشتی و ئەخلاقی شارۆمەندانەوە، واتا، پیویستە هەمیشە پاڵنەرێک هەبێت بۆ رەوشت بەرزیی سیاسی. رۆسۆ لە کتێبی ***"گۆتارێک لەمەڕ نایەکسانی"***دا پێمان دەڵێ کە کاتێ گوتارێک چێ دەکەین لەراستیدا سەرقاڵی کارێکین کە "لەسەرتاسەری ئەورووپادا تەنیا ژمارەیەکی کەم بەردەنگی هەیە و لەنێو ئەمانەشدا، هیچکام ئامادە نین گفتوگۆی لەبارەوە بکەن." ئەم گوتارە لە دوو ئاراستەدا چێ دەکات:

1. لە ئاراستەی فەیلەسووفە راستەقینەکاندا.
2. لە ئاراستەی ژمارەی بەرفراوانی بەردەنگەکاندا.

بەم شێوەیە، چەمکی گوتار هەر لە سەرەتاوە هەڵگری نایەکسانییەکی بنەڕەتییە. نایەکسانییەک کە خۆی دەرهاویشتەی نایەکسانیی مرۆڤەکانە. رۆسۆ لە دوایین رستەی کتێبەکەی خۆیدا رەخنەیەک دەگێرێتەوە کە مۆنتاین Montaugne خۆی لە زمان رەخنەگرانی پاشایەتیی فەڕەنساوە گێڕاویەتەوە. رۆسۆ دەگاتە ئەو ئەنجامە کە جۆری نایەکسانیی زاڵ لەنێوان هەموو خەڵکی مەدەنیدا، بەپێچەوانەی مافی سروشتی و یاسای سروشتە. بەواتایەکی تر ئەندێشەکانی رۆسۆ لێرەدا دەرخەری دژبەرایەتیی بنەڕەتیی نێوان سەرچاوەی رەسەنی مرۆڤ و گەندەڵیی کۆمەڵگەی مۆدێرنە. ئەم باسەی رۆسۆ خۆی بە هۆی زەرورەتی بەرەنگاربوونەوەی مۆدێرنیتە، لە رێگەی سوود وەرگرتن لە دەوڵەتشارە کەوناراکان، بەهێز دەکریت.

ئەوەی رۆسۆ لە تەوەری "وتارێک لەمەڕ زانست و هونەر"دا پێمان دەڵێ، ئەوەیە کە، پەیوەندییەکی زەرووری هەیە لە نێوان گەندەڵی و رۆچوون لە ژیانی ئەخلاقیی مرۆڤ و پەرەسەندن و گۆڕانی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا. بەم پێیە، یەکەم وتارەکەی و ***"نامەیەک بۆ دالامبێر"*** کۆمەڵێک بابەت سەبارەت بە رۆچوونی گەوهەری مرۆڤ بەهۆی کاریگەریی مەدەنییەتەوە لە خۆدەگرن. رۆسۆ بەر لە هەر شتێک لەو باوەڕەدایە کە رۆچوونی بەها سروشتییەکان لەکۆمەڵگەدا بۆتە هۆی ئەوەی رواڵەتەکان جێگەی راستییەکان بگرنەوە. رواڵەتەکان دەریناخەن کە راستییەکان چین بەڵام دەوری سەرەکییان هەیە لە داپۆشین و پووکاندنەوەی گەوهەری رەسەندا. گەشەی کۆمەڵایەتی، مرۆڤی گەندەڵ و بێ روخسار کردووە. رۆسۆ لە ***"وتارێک لەمەڕ نایەکسانی"***دا مرۆڤ لەگەڵ پەیکەرێکدا هەڵدەسەنگێنێت کە تێپەڕبوونی کات و تۆفوبەند و شەپۆلەکانی دەریا وایان خاپوور کردوە و تێکداوە کە ئیتر جیاوازییەک نییە لەنێوان ئەو وەک خێو(رب النوع)ێک یان دێوەزمەیەکی دڕندەدا. کاریگەریی گشتیی تێکچوونی گەوهەری مرۆیی بەشێوەیەک بووە کە تاکێتیی خەڵک و راستەقینەی کەسایەتی ئەوانی مەفح کردووە. مرۆڤ لای خۆی غەریب و نامۆ بووە. ئەو بە پێچەوانەی مرۆڤی خۆژیێنی سەرەتایی کە لەگەڵ خۆی و بۆخۆی دەژیا، لەدەرەوەی خۆی دەژی. دۆڕانی ئەو وزە کەسانەیە، کۆیلایەتیی مرۆڤی مۆدێرنی لێکەوتۆتەوە. بەم پێیە، مرۆڤی مەدەنی لە دۆخی لەخۆنامۆییدا دەژی و هەر لەوێشدا دەمرێت.

بەبۆچوونی رۆسۆ، مرۆڤی مۆدێرن لە بوونایەتیی رەسەنی خۆی دوورکەوتۆتەوە و نامۆ بووە. رۆسۆ لە کتێبی "ئیمیل"دا جەخت دەکاتەوە: ئێمە لەو شوێنەی تیایداین، ژیان ناکەین، ئێمە لەو شوێنانە دەژین لە لەوێ نین. یەکێک لە بەڵگە سەرەکییەکانی ئەم ئاوارەیی و نامۆییە، کاریگەریی کارەساتباری ژیانی شارییە. کەواتە وای لیهاتووە کە مرۆڤی مۆدێرن بەردەوام لە دژایەتیکردنی خۆیدایە، چونکە ئەو بۆ بەختەوەرکردنی خۆی دەست بۆ چالاکیگەلیک دەبات کە هیچکات نایگەیەننە خۆشبەختی. بەم پێیە، ئەو بەپێچەوانەی پاپیرە و پێشینانی خۆی ژیانێکی ئارام و لەسەرخۆی نییە.

ئەم دۆخە دژهۆنە دەروونییە، خۆی لە راڕایی و نیگەرانییە هەمیشەییەکانی مرۆڤی مۆدێرندا نیشاندەدات. ئەو راڕاییانەی رەفتاری مرۆڤی مۆدێرن لە "کات"دا رەنگدەدەنەوە. مرۆڤی مۆدێرن بەردەوام بەشوێن داهاتووەوە

و تێرکردنی پێویستییەکانی و خواستەکانی خۆی لە دۆخی ئەمێستاییدایە. بەم شێوەیە، ئەوەی رۆسۆ لە یەکەم وتاری خۆیدا دەینووسێت، رۆچوونی مرۆڤە بەرەو بەدبەختی و گەندەڵی. بەڵام لە وتاری دووهەمدا هەوڵ دەدا لەوە تێبگات کە کامانە شتی رەسەن بەپێچەوانەی هەموو شتە نارەسەن و دەستکردەکان، هی مرۆڤ بوون. رۆسۆ بە مەبەستی تێگەیشتن لە گەوهەری راستەقینەی مرۆڤ، بەپێویستی دەزانێ کە لە ئاخێزگە کاتەکییەکانی بدوێت. لەم رووەوە کاتێ رۆسۆ لە دۆخی سروشتی دەدوێ، لەراستیدا دان بەوەدا دەنێت کە دۆخێک شیدەکاتەوە کە ئیتر بوونی نییە و رەنگە هیچکاتیش بوونی نابێت. دۆخی سروشتی، کرچوکاڵ و سەرەتاییە لە ژیانی مرۆڤدا بەڵام بیچمێکی رەسەنی وجوودی مرۆڤە، لانیکەم تا کاتێک کە بەهۆی کاریگەریی کۆمەڵگاوە تێکنەشکاوە ولەناو نەچووە. لێرەدا دژوازییەک هەیە لەنێوان روانگەکانی رۆسۆ و قوتابخانەی مافی سروشتیی ***گرۆسیۆس*** و ***پۆفیندۆرف*** دا گرۆسیۆس و پۆفیندۆرف، لەراستیدا مرۆڤی سەرەتایی بە ئاوەزمەند و کۆمەڵایەتی دەزانن( لۆکیش ئەم بۆچوونەی قەبووڵکرد). بەڵام رۆسۆ دۆخی سروشتی بەقۆناغێک دەزانێ کە لەوێدا مرۆڤ خاوەنی کەمترین تایبەتمەندیی جیاواز لەگەڵ گیانەوەران بووە. واتە مرۆڤ هەم سەرەتایی و هەم بوونەوەرێکی تەواو رەمەکی بووە. ئەگەرچی رۆسۆش وەک هۆبز ئەوە قەبووڵ ناکات کە مرۆڤ وەک خۆی لاواز و بێدەرەتان بووبێت. بەبۆچوونی رۆسۆ، دۆخی سروشتی دۆخێکی ئاشتییانەیە و تیایدا هەلی ژیانێکی سەربەست بۆ مرۆڤ رەخساوە. مرۆڤی سەرەتایی لەژێر سەیتەرەی دوو زەروورەتی بنەرەتیدایە:

1. پاڵنەری خۆپاراستن.
2. پاڵنەری هەستی هاودەردیی سروشتی.

مرۆڤی مۆدێرن دیلی پێویستییە دەستکردەکانە، بەم پێیە، پێگەیەکی وابەستەی هەیە. ئەم بەدبەختییەی مرۆڤی مۆدێرن، بەدیهێنەری نایەکسانییەکان بووە. نایەکسانیی جەستەیی لە بارودۆخی سروشتیدا کێشە نەبوو، چونکە نابێتە هۆی وابەستەیی مرۆڤیک بە مرۆڤێکی تر. بەڵام لە کۆمەڵگەدا نایەکسانییەکی دەستکرد هەیە کە خەڵکی بەسەر دوو گروپی خوداکان و بەندەکان دابەشکردووە. چ هۆکارێک مرۆڤەکانی بەرەو ئەم دۆخی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییە هانداوە؟ بەبۆچوونی رۆسۆ، هۆیەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ توانایی پێگەیاندنی خۆی هەیە. بەبۆچوونی رۆسۆ توانای رۆیشتن بەرەو

بەختەوەری، هەم سەرچاوەی بەدبەختی(رۆچووون) و هەم سەرچاوەی بەختەوەرییە( بووژانەوە). رۆسۆ دەڵێ، لەگەڵ ئەوەی هەلومەرجە رووکارییەکان لەباربوون بۆ گەشە و گۆڕانی توانستە شاراوەکانی مرۆڤ، بەخێرایی لە دۆخی سروشتی دووردەکەونەوە. بەگوتەی رۆسۆ، نزیکبوونەوەی مرۆڤەکان لەیەکدی، بووە هۆی بیچمگرتنی روانگەگەلی کرچوکاڵی ئەخلاقی. قۆناغێکی مسۆگەر و چارەنووسساز لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەهۆی پێکهاتنی خێزان و خاوەندارێتییەوە دەستیپێکرد. دۆزینەوەی کانزا و هەلی کشتوکاڵ بووە هۆی دابەشکردنی کار و دانانی بناغەی خاوەندارێتی کە خۆی ململانێ و بەربەرەکانێیەکی لەنێوان مرۆڤەکاندا دروستکرد. گرینگترین پاشهاتەکانی ئەم گۆڕانە، دەرکەوتنی نایەکسانی بوو. خەڵک هەوڵیان دەدا جیاواز لەوەی کە هەن خۆیان نیشان بدەن (دەستیان بە خۆ دەرخستن کرد).

خاوەندارێتی و نایەکسانی بەهۆی یاساوە رێگەیان پێدرا، هەتا جێیەک کە ئازادیی سروشتی بۆ هەمیشە و بە یەکجارەکی لەناوچوو. بیچمگرتنی کۆمەڵگەی سیاسی، قۆناغێکی کارەساتباری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هێنایەپێش. بەبۆچوونی رۆسۆ، دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لە خزمەت بەرژەوەندیی بەتواناترەکاندایە. (ئەم بۆچوونە دواتر لەلایەن مارکس و مارکسیستەکانەوە قەبووڵکرا). خاڵی گرینگ ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نایەکسانی سیاسی، هەرشتێک بێ، مەبەستەکەی دەستەبەرکردنی ئازادیی ئەندامەکانی و پارێزگاری لە ژیان و داراییەکانی ئەوانە. خەڵک هەرچەندە نەزان بن، دیسان هەمیشە رێبەرانێک بۆ بەرگری و پاراستنی ئازادییەکانی خۆیان، نەک وێرانکردنیان، هەڵدەبژێرن. بەڵام ئەم ئامانجانە هیچکات نەگەیشتنە ئەنجام و یەکسانی پێکنەهات، بەڵکوو نایەکسانیگەلێک هاتنە ئاراوە کە بوونە رێگر لەبەرانبەر دەرکەوتن و هەبوونی ئازادیی راستەقینە. رۆسۆ، شۆڕشە مێژووییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە شیدەکاتەوە.

1. یەکەمین شۆڕشی مێژوویی، بەهۆی سوودوەرگرتن لە ئامێر بۆ دروستکردنی سەرپەنا، روویدا.
2. دووهەم، بەهۆی کشتوکاڵ و دۆزینەوەی سوودەکانی کانزاوە روویدا کە هەندێ بەرەنجامی وەک بەرژەوەندیگەلی خۆویستانەی

لێکەوتەوە. ئەم قۆناغە بووە هۆی کەوتنەوەی رکابەری. ئەنجامی ئەم شۆڕشەی دووهەم، شەڕ و بەربەرەکانێ بوو.

3. سێهەمین شۆڕش لەڕێگەی تێپەڕبوونی مرۆڤ لە قۆناغی دۆخی شەڕ بەرەو جۆرێک لە دۆخی کۆمەڵایەتی بوو، کە لەراستیدا سیستەمێکی چەواشەکارانەی سیاسی بوو. ئەم دۆخە بە سامانێکی کاتەکیی نێوان دەسەڵتداران و خەڵک دەهاتە ئەژمار. بەڵام ئەمە پەیمانێکی پووچەڵ بوو و نەیدەتوانی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی راستەقینە پێکبهێنێت.

رۆسۆ لەراستیدا دەڵێ ئەو سیستەمە سیاسییانەی کە هەن، دەرەنجامی لۆژیکی و نکۆڵیهەڵنەگری گەمەی خۆشەویستیی خۆپەرستانەن. هەروەک پێشتر باسکرا، رۆسۆ جیاوازی دەکات لەنێوان خۆشەویستی بۆ خود و خۆشەویستی خۆپەرستانەدا. شۆپی زێدەری خۆشەویستی بۆ خود، دەتوانێ لە هەلومەرجی دۆخی سروشتیدا و لەوێوە هەتا ئیرادەی خوداوەندی بێت. خۆشەویستی بۆ خود لە ئاستی سەرەتاییدا بە مانایەکی ساکار، زەروورەتی پاراستنی مانەوەیە. بەڵام خۆشەویستیی خۆپەرستانە شێوەی گەندەڵی خۆشەویستی بۆ خودە و تەنیا لە هەلومەرجی دۆخی سروشتیدا بەدیدێت. بەبۆچوونی رۆسۆ، خۆشەویستی بۆ خود، پەیوەندیی هەیە بە خۆشەویستی بۆ دیترانەوە. خۆشەویستی بۆ مرۆڤ، لەخۆشەویستی بۆ خۆدەوە سەرهەڵدەدات و ئەمە پرەنسیپی دادی مرۆییە. خۆشەویستی بۆ خود، رەهەندێکی رۆحانیی هەیە کە تاک تینووی ئەو هەستانە دەکات کە پێویستن بۆ هۆشیاری سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان خۆشەویستیی بۆ رۆح و پرەنسیپی نەزم.